سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم لەگەڵ شاندێکی یوونامی کۆبووەوە

فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاودێ کردەن جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بە کاروباری سیاسی و هەڵبژاردن کرد.

بگۆڕی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی هەرێم لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕێکاردە ڕەدریگەس بەرپرسی یوونامی لە هەوڵەر ئامادەی بوو، دۆخی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان و پرسی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، تاوتوێ کران.

هەردوولا جەختیان لە گرنگیی پاراستنی سەقامگیریی سیاسی لە عێراق و تەبایی و یەکێتیزیی لایەنە کوردستانییەکان کردەوە، هەروەها هاوڵا بوون لەسەر پێویستیی بەڕێوچوونی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان.

دوایین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش،

لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.